ژماره :138

بەروار:2023/6/11

- ئەنجومەنی کۆمیسیاران خشتەی کاتی پرۆسەییەکان پەسەند دەکات بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی داهاتوو .
- ئەنجومەنی کۆمیسیاران لێکۆڵینەوە دەکات بۆ دۆزینەوەی رێکاری هاوکاری کردن لە گەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان.
- ئەنجومەنی وەزیران داواکاریەکانی کاری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی داهاتوو .
- بەئەندامێتی ئەنجومەن الجابری والحسینی سەردانی ئۆفیسی پارێزگاکان دەکەن بە شێوەیەکی مەیدانی .

**ووتەی هەفتانە**

لە گەڵ زیادەبوونی کارەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان 2023 ، سەرۆك ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دانشتنی هەیژدەهەمیان ئەنجام دەدەن بۆ پەسەندکردنی خشتەی کاتی پرۆسەییەکان ، ورێنماییەکانی دەنگدان وژماردن وجیاکردنەوە بە پێی مادەکانی یاسای هەموارکراوی سێ هەم بۆ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران وئەنجومەنی پارێزگاکان وقەزاکان ژمارە (12) بۆ ساڵی 2018 وبڕگەکانی ، هەروەها ئەنجومەن دانشتنی نائاسایی ئەنجام دا لە بەرواری 2023/6/7 ، بۆ گفتوگۆکردنی میکانزمی چاپکردنەوەی کارتی بایۆمەتری بە پێی تایبەتمەندە هونەرییەکان باڵا بە شێوەیەك مسۆگری بێت پاراستنی داتاکان دەنگدەران .

هەروەها بۆ پاڵپشتی کردنی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و نوێنەری نێردراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وسەرۆکی تیمی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراق وشاندی نێردراو بۆ گفتوگۆکردنی رێکاری هاوکاری کردن لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی وپێشکەشکردنی رای هونەری ، بۆ تەواوکردنی تایبەتمەندیەکانی، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی داهاتوو بە پێی بنمای بێگەردی وشەفافیەت .

هەروەها ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، ، پێشوازی کردوە لە شاندەیەك لایەینی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە ، بۆ گفتوگۆکردنی بڕیارەکانی دادگای فدراڵی لە بەر تەواوبوونی کاتی دەستووری درێژکراوی کاری بەرلەمانی هەرێمی کوردستان وفایلی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم ، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وبەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن دڵنیای کردەوە بۆ ئامادەکاریەکانی کۆمیسیۆن بە شێوەیەکی تەواو بۆ هاوکاری کردنی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێم بە سەرکەوتن وشەفافیەت .

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران بە پێی نووسراوی ژمارە 26501 لە 2023/6/7 ، رەزامەندی دەربری لە سەر داواکاریەکانی کاری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە چەند لاینیەك لە لایەنەکانی کاری کارگێڕی ودارایی وهونەری ، ولە ئەوانە گۆرینی گرێبەستی هەڵبژاردنەکان کەوا ڕاگێراوە بۆ گرێبەستی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، وێڕای رێگەپێدانی کۆمیسیۆن بە بەتایبەتکردنی دارایی بۆ ساڵی (2023) بۆ خرجکردنی پێداویستەکانی تایبەت بە چالاکیەکانی هەڵبژاردنەکان ودانانی ئەم بڕە پارە لە سەر بوودجەی دارایی ساڵی 2023 ، هەروەها دەستپێکردنی دەستەی ڕاگەیاندن وگەیاندن وتوری ڕاگەیاندنی عێراقی وهەڵمەتی ڕاگەیاندن خۆرایی بۆ هاندانی دەنگدەران بۆ تۆمارکردنی داتاکانیان بە

بایۆمەتری وپێدانی کارتی دەنگدەر ، وێڕای ئاراســـتکردنی وەزارەتەکان ودەســـتەکان بە گرنگی هاوکاریکردنی کار لە گەڵ کۆمیســـیۆن بە شـــێوەیەك لە بەرژەوەندی گشتی بێت .

لە لـایـەنێکی ترەوە ســـەرۆکی بـەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دادوەر (عباس الفتلاوی) وهەردوو یاریدەدەری کاروباری هونەری وکاروباری کارگێڕی ودارایی بەدواداچـــونەوەی بەردەوام دەکات لە ســـەر خشـــتەی کاتی پرۆســـەییەکان کەوا یەکەم قۆناغی جێبەجێکردنی پرۆســـەی هەڵبژاردنەکان لە نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەران و تۆمارکردنی حزب و هاوپەیمانیە ســـیاســـیەکان ئەوانەی ئارەزوومەندن بە هاوکاریکردن لە هەڵبژاردنەکان هەروەها ڕاگەیاندنی بەرواری دەستپێکردنی تایبەت بە هەر یەکێك دەگرێتە خۆی.

هەروەها لە چوارچێوەی سەردانی مەیدانی بۆ وەستان لە سەر ئامادەکاریەکانی ئۆفیسی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان ، ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران دادوە عامر الحســینی ســەردانی ئۆفیســی هەڵبژاردنەکانی هەولێری کرد ، بۆ ڕۆشــنبیربوونەوەی لە ســەر بەڕێوەچــوونی کارەکان بە پێی ســیســتم وڕێنماییە پەســەندکراوەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی داهاتوو ، وێڕای بەدواداچــونەوەی کاری ناوەندەکانی تۆمارکردن و دابەشــکردنی کارتی دەنگدەر وپرۆســەی تۆماری بایۆمەتری وئامادەکارییەکانی کارمەندەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردن تاوەکو دەســتپێکردن بە قۆناغی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ، هەروەها دادوەر الحســوســینی ســەردانی کاری کۆگاکانی کرد بۆ بەدواداچــونەوەی کاری کۆگاکانی تایبەت بە ئۆفیســی هەڵبژاردنەکانی هەولێر لە لایەنی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی هەڵبژاردنەکان وڕێکارەکانی تەندرووستی وبەرگری پیشەیی .

بەشـێوەیەکی بەردەوام ئەندام ئەنجومەنی کۆمیســیاران دکتۆرە ئەحلام الجابری ســەردانی پارێزگای واســتی کردوە بۆ وەســتان لە ســەر ئامادەکارییەکانی ئۆفیســەکە وپێداویســتیەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو ، وگرنگی دانی دکتۆرە الجابری لە گەڵ پارێزگاری واســت وڕۆڵی پارێزگاکە بۆ ســەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی وڕێسای پاڵپشتی کردنی کاری ئۆفیسیس هەڵبژاردنەکان .

هەروەها کارمەندەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردن وتیمی گەڕۆك لە تۆمارکردنی تۆماری دەنگدەران ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری بۆ ئەوانەی پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام داوە ولە ئەنجامدا گەیشتین بە تۆمارکردنی (944.771) دەنگدەر لە ئەوانە لەدایکبووی**2004** ، کەوا ڕێژەیان گەیشتوەتە (198.200) هەروەها لەدایکبووانی **2005** گەیشتوە بە

(103.203 ) هەروەها کارتە دابەشکراوەکان گەیشتوەتە (1.224.268) و کارت ڕێژی کارتی دەنگدانی گشتی گەیشتوەتە (639.993) ودەنگدانی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان وهێزی چەکدار گەیشتوەتە (532.104 ) کارت هەروەها ئاوەرەکان گەیشتوەتە (52.171)کارت بە ئامادەبوونی بریکاری حزبە سیاسیەکان وچاودێرەکان خۆماڵی ، هەروەها بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە لایەنی هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆن بکەن بۆ زانینی ڕاپۆرتی هەفتانەی پرۆسەکان . https://ihec.iq/biometric-registration/

هەروەها ئۆفیســـی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان بەبێ وچـــان کاردەکەن بۆ دابەشـــکردنی ئەو کارتانەی کەوا ماوەتەوە بۆ ئەوانەی تۆماری بایۆمەتریان ئەنجام داوە لە ڕێگای ڕێکەوتنی وهاوکاری لە گەل بریکارەکانی فۆرمی خۆراك وئەنجومەنی ونوێنەرانی ئەمنی نیشـــتیمانی لە پارێزگاکان بۆ پێشـــکەشـــکردنی ئاســـانکارییەکان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دابەشکردن ، وێڕای ڕێکەوتن لە گەڵ ئامەرازی ڕاگەیاندن بۆ یارمەتیدانی لە هاندانی دەنگدەران بۆ ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری وپێدانی کارتی بایۆمەتری .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن